چاوپێکەوتن



مەریوان قانع:

# بەشێکی زۆری ڕەخنەی کوردی لەسەر هەژارکردنی تێکستە دەوڵەمەندەکانی ئەدەبی ئێمە کاردەکات

دیمانە: سەباح ئیسماعیل

ئەمڕۆ لە بواری هزردا چەند نووسەرێک ڕۆڵی کارا و چالاکیان لە کایەکەدا گێڕاوە و بە دید و جیهانبینییەکی نوێ و دوور لە جوینەوە و لاساییکردنەوە و وتنەوەی ئەوەی بەر لەوان گوتراوە، لە شتەکان دەڕوانن و هەڵیان دەسەنگێنن. یەکێک لەو نووسەرە چالاکانە مەریوان وریا قانعە. لێرەدا ئەومان وەکو ڕەخنە نووسێکی ئەدەبی دوواندووە و بەڕاشکاوانە لەسەر بزاڤی ڕەخنەی ئەدەبیی ئەمڕۆی کورد دەدوێت.

*** تۆ لە نووسیندا بە ڕەخنەی ئەدەبی دەستت پێ کرد و ڕات وابوو، کە ئەدەب دوانیشتمانی تاکە کەس و مرۆڤە، ئێستاش تایبەتمەندی لەبواری کۆمەڵناسیدا . ئەگەر لەو کاتەوە هاوشان لەگەڵ بەختیار عەلی لەسەر ڕەخنە ئەدەبییەکانتان بمانایەتەوە، دەتوانم بڵێم ئێستا ڕەخنەی کوردی لە قۆناغێکی دیدا بوو. ئەم هەڵگەڕانەوەیەت چۆن بوو، هۆیەکەی بۆچی دەگەڕێتەوە؟**

– من باوەڕم وایە ئەدەب یەکێکە لەو دواهەمین پەناگا ڕۆحییانەی کە ئینسان دوای دڵشکانە گەورەکان و دوای نائومێدییە قووڵەکان دەتوانێت پەنای بۆ ببات. ئەدەب دونیایەک پێشکەش دەکات گەر لەهەموو دونیاکانی تر جوانتر و ئینسانیتر نەبێت ئەوا لە هەموویان دیموکراسیتر و

کراوەترە. هەر ڕۆحلەبەر و پاڵەوان و کەسایەتییەک ڕێی بکەوێتە ناو تێکستێکی ئەدەبییەوە مافی ئەوەی هەیە نە تەنها قسەی خۆی و شێوەژیانی خۆی و وێناکردنی تایبەتی خۆی هەبێ، بەڵکو دەریشیان بڕێت و پیادەشیان بکات. لەتێکستە ئەدەبییەکاندا نەک تەنها ئینسان مافی جیاوازبوونیی لەگەڵ سەرجەمی شتەکان و ئینسانەکانی دیکەدا هەیە، بەڵکو زمان خۆشی ئەو مافەی هەیە، کە جیاواز و تایبەت و فرەشێوە بێت. بە مانایەکی تر هەموو ئەوانەی دەبن بە بەشێک لە تێکستێکی ئەدەبی مافی ئەوەیان هەیە بژین و بدوێن و بجووڵێن بەو شێوەیەی لەگەڵ پێکهاتی ڕۆحی و دەروونی و ڕەمزییاندا دەگونجێت و بەو شێوەیەش خۆیان بەڕاست و بە باشی دەزانن. لە هیچ شوێنێکدا دونیا فرەڕەنگییەکانی خۆی بەو ئەندازە گەورەیە ناژی وەک لە ئەدەبدا و لەهیچ شوێنێکیشدا ئینسان بەو فرە ویست و فرە بۆچوون و فرە خواست و فرە ئەخلاق و فرە خەونەوە ئامادە نییە وەک لە ئەدەبدا. بە کورتی ئەگەر دونیای دەرەوەی ئەدەب دونیایەک بێت بەردەوام لە هەوڵی ئەوەدابێت ئینسانی وەک یەک و ژیانی وەک یەک و بیرکردنەوەی لەبەریەک کۆپیکراو دروست بکات، ئەوا ئەدەب سەرقاڵی بەخشینی مافی جیاوازبوون و لەویدی نەچوون و تەنانەت لەخۆنەچوونە بە ئینسان. لەم گۆشەنیگایەوە فەیەلسووفێکی گرنگی وەک ڕیچارد ڕۆرتی لە وتارێکیدا لەخۆی دەپرسێت: ئەگەر مرۆڤایەتی لەبەردەم هەڕەشەی وێرانکردنێکی سەرتاسەریدا بێت و ئینسان بۆی بکرێت تەنها کۆمەڵێک تێکست ڕزگاربکات، پێویستە کام تێکستانە ڕزگاربکات؟ ڕۆرتی لە وەڵامدا دەڵێت: ئینسان پێویستە تێکستە ئەدەبییەکان، بەتایبەتی ڕۆمانەکان ڕزگار بکات. چونکە تەنها لەو تێکستانەدا چڕی و هەمەڕەنگی و دەوڵەمەندی ژیان و ئەزموونە ئینسانییەکان دەردەکەون. لە دونیای ئەمڕۆدا کە ئایدیۆلۆژیا گەورەکان و هێزە سیاسییەکان و دینەکان و هەندێک لە میکانیزمە کولتورییە گلۆباڵییەکان لە هەوڵی ئەوەدان شێوە ژیانی وێکچوو، ئینسانی وێکچوو، شوناسی وێکچوو، زەوقی وێکچوو و حەزی وێکچوو دروست بکەن، من ئەو باوەڕەم زیاتر لا بەهێز بووە کە ئەدەب یەکێکە لەو هێزە گرنگانەی توانای ڕزگارکردنی ئینسانی هەیە لەو پرۆسە گەورەیەی کۆپیکردنی شتەکان لەبەر یەکتری. ئەدەب یەکێکە لەو هێزە گرنگانەی کە ئیرادەی جیاوازبوون لە ئینسان و کۆمەڵگەدا بەهێز و بەرفراوان دەکات. کە دەڵێم ئەدەب نیشتیمانی ڕاستەقینەی ئینسانە ئەم وێناکردنەی دونیا و ئەم وێناکردنە تایبەتەی ڕۆڵی ئەدەبم لەبەرچاوە. لە سەرێکی دیکەوە ئەدەب عەشقی منداڵیمە، من لە قوتابخانەی سەرەتایی بووم، کە بڕێکی هێجگار زۆری شیعری قانیع و حاجی قادری کۆیی و ئەحمەد موختار و تەنانەت هەندێک شیعری ئەحمەدی خانیشم لەبەربوو. ڕۆژانە ئەو شیعرانەم لە قوتابخانەوە و ماڵی خۆمان و کۆبوونەوە سیاسییەکاندا دەخوێندەوە. گەر کورد

نەبوومـــایە ڕەنگە هـەمـــوو ژیانم بۆ خـــوێندنەوەی تێکســـتـــە ئەدەبییەکان تەرخان کردایە، حـەزیشم دەکرد ڕەخنەگرێکی وام لێ دەرچێت، کە بتوانم لەسەر زۆربەی تێکستە گرنگەکانی دونیا قسـە بکەم. بەڵام ئەمـە یەکێکە لەو خـەونانەی من کە نەهاتەدی، نەهاتنەدیشی پێوەندی بە کوردبوونی من و بەو دونیا و دەوروبەر و مـێـژووە سـەخـتـەوە هـەیە کـە نەوەی ئێـمـە لە هەفـتـاکـان و هەشـتـاکـانـی سـەدەی ڕابردوودا خۆی تێدا بینیوە و تـەفاسـیلە تاڵەکانی تـاسـەر ئێسقـان ژیا. مێژووی تێکشکانی شـۆڕش لە سـاڵی ١٩٧٥ دا و دروسـتـبوونەوەی بـەرگری سـاڵێک دوای ئەو تێکشکانە، مـێـــژووی بەهـێـــزبوونی بەعس بـەڕادەیەک، کـــە سـەردەمی گـەنجـبـوونی ئێـمـەی بەشـێـوەیەکی تۆقـێـنـەر پڕ لە هەڕەشـە و گـرتن و کـوشتن و ترس کرد، دوای ئـەوەش جـەنگە درێژ و ترسناکەکانی سـەدام حوسـەین هاتن و دونیـای ئێمـەیان پڕ کـــرد لەو وێنە و حـــیکایەت و ڕووداوانەی خـــوێن لەهەمـــوو شـوێنێکیـانەوە دەڕژا، ئینجـا ئەنفـال و داگیـرکـردنی کـوێت و جـەنگی یەکـەمی خـەلیج و چەندەها ڕووداوی گـەورە و ترسناکی تری لەم جۆرە. هەریەکێکیش لەم ڕووداوانە پڕبوو لە حیکایەتی مـــردن و کـــوشتن و لەناوچوون. لە حـــیکایەتی مـــاڵـئـــاوایی و بەجـێــهـێــشتن و لێکدابڕان. لە ڕووداوگـەلێک پڕ لە گـــریان و دڵشکانە گەورەکان. ئەمـانە ڕووداوی تۆقێنەر و خوێناوی بوون و وشیـاریی ئێمـەیان بەشێوەیەکی ڕاستـەوخۆ ناچار دەکرد ببێتە وشـیـارییـەکی سیـاسی. یەکێک لە ترسناکترین ڕەهـەندەکانی بەعس لەوەدابوو کـــە هـەمـــیـــشـــە و هەردەم لەهەوڵی ئەوەدابوو چڕیی ژیان بـۆ ڕەهـەندە سـیـاسـیـیـە ڕووتـەکـەی کـورت بکاتەوە. لەنێوان ژیان و سیاسـەتدا فـاسیلەیەک نەهێڵێتەوە. سیاسـەتێک کە لە عێراقدا لە فۆرمی ئامادەگی و پەرستنی یەک حیزب و یەک ئایدیۆلۆژیا و یەک سـەرکردەدا بەرجەسـتە بوو. ژیانی نەوەی من بریـتـــیـــە لە شـــەڕێکی گـــەورە و نەبڕاوە لەگـــەڵ ئەم دیدە

**هەر کۆمەڵگەیەک ڕەخنەی نەوێت کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە و هەر سیستمێکی سیاسیش گلەیی لە ڕەخنەگرەکانی بکات سیستمێکە ڕووی لە ناشیرینکردنی سیاسەت و ناشیرینکردنی کۆمەڵگە و ناشیرینکردنی ژیانە**

**ئەدەب یەکێکە لەو دواهەمین پەناگا ڕۆحییانەی کە ئینسان دوای دڵشکانە گەورەکان و دوای نائومێدییە قووڵەکان دەتوانێت پەنای بۆ ببات**

بەعسییانەدا بۆ ژیان. تا ڕاپەڕین هات و دونیا گۆڕا. ڕاپەڕین یەکەمین قەسیدەیە کە مێژووی ئێمە لەدوای نوشوستییە گەورەکانی سەدەی بیستەمەوە توانیبێتی بینووسێت. ڕاپەڕین مژدەی دروستبوونی دونیایەکی نوێی پێ بەخشین، دونیایەک تەواو ناکۆک بەو دونیایەی ئێمە تا سپێدەی ڕاپەڕین تیایدا ژیابووین و گەورەبووبووین. لەو سبەینێیەدا مانای شتەکان گۆڕان، دیمەنی شارەکان و تەنانەت ڕەوشتی ئینسانەکان گۆڕان. ئەو بەیانییەی ڕاپەڕین چەندەها ڕێگە بە ڕووی جیهانێکی نوێ و نەناسراودا کرایەوە. ئەوەی ئێمە تیایدا ژیابووین و لێی ترسابووین و ئەزموونمان کردبوو لەو بەیانییەدا تێکشکا. ڕاپەڕین یەکەم هەنگاوی ڕاستەقینەی کۆمەڵگەی ئێمە بوو بۆ تێپەڕین بۆئەودیوی دونیای بەعس.

ئەم دونیا تازەیە، تەواو وەک دونیای بەعس خۆشی، پێویستییەکی ڕاستەوخۆ و گەورەی بە قسە لەسەرکردن و لێ تێگەیشتن و خوێندنەوە هەبوو. ترس لەوەی بیدۆڕێنین و تێبپەڕێت پێویستیی ناسینی گەورەتر دەکرد، چونکە تەنها لەڕێگەی ناسینی ڕەگەزە تازەکانی ئەو دونیایەوە دەکرا بەرگریی لە مانەوەی بکرێت. من هەر لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕینەوە ئەو هەستەم لا دروست بوو، کە قسەکردن لەسەر ئەم دونیا تازەیە بەشێکی دانەبڕاوە لە پرۆسەی دروستکردنی ئەو دونیایە خۆی. یەکەمجار بوو ئەو هەستەم لا دروست ببێت کە دەشێت قسەکردن لەسەر دونیا هێزی دروستکردنی دونیای هەبێت، ئەوەی دەیڵێین و دەینووسین دەکرێت ببێتە کەرەستە ڕاستەقینەکانی دروستکردنی ئەو دونیایەی کە لەبەردەمماندا دروست دەبێت. بۆیە وام هەست کرد پێویستە لەباتی قسەکردن لەسەر تێکستە ئەدەبییەکان قسە لەسەر دیاردەکانی ئەو دونیا تازەیە بکەین، لێ گەڕێین ئەو دونیا تێکست و زمانی خۆی بنووسێت و بەرهەم بهێنێت. لەباتی ئەوەی ئەدەب بنووسین لێ گەڕێ دونیا خۆی بنووسین. لەو ساتەدا پێویستییەکی گەورەمان بە ناسینی ئەگەرە شاراوەکانی ناو ئەو ساتەوەختە مێژووییە هەبوو. دەرکردنی گۆڤاری ئازادی... لە ڕۆژانی یەکەمی ڕاپەڕیندا هەر ئەم هەست و ویست و مەبەستەی لەدواوە بوو. سێهەم ڕۆژی ڕاپەڕین بوو من و بەختیار عەلی بڕیاری ئەوەمان دا گۆڤارێک بەناوی ئازادی دەربکەین، بڕیارمان دا بەدەم پێداویستییە فیکرییەکانیی ئەو دونیا تازەیەوە بچین و ببین بە بەشێک لە دارشتنی نەخشە فیکریی و کۆمەلایەتی و ڕەمزییەکانی. من تەواو باوەڕم وابوو بۆ ئەوەی نەهێڵین ڕاپەڕین بمرێت دەبێت فیکرێک هەبێت هاوشان بە ڕاپەڕین، ڕاپەڕین لەدایکبوونێکی سروشتی لەدایکبوو پێویستی بە فیکرێک هەبوو ئەم لەدایکبوونەی بکاتە لەدایکبوونی فیکریی و کولتووریش. گۆڤاری ئازادی لەدایکبووی ئەو ساتە مەلحەمییەی مێژووی ئێمە بوو، هەوڵدانێک بوو بۆ پاراستنی ئەو ڕۆحە مەلحەمییەی مێژووی ئێمە. بەلام وەک

هەمووما‌ن بینیمان ئەو دونیا تازەیە، کە ئومێدێکی لەڕادەبەدەر و گەورەی بە ئێمە بەخشی زوو هێماکانی ناشیرین بوون و وێرانبوون و دڕەندەییبوونی تێدا دەرکەوت. لەگەڵ گەڕانەوەی حیزبە سیاسییەکانی کوردستان و کردنەوەی مەقەڕ و بارەگاکانیان لەهەموو کونوقوژبنێکی شارەکانی کوردستاندا سەرەتاکانی ئەو ململانێ جەنگەڵییە دەرکەوت، کە هەموو ناشیرینییەکانی دواتری مێژووی ساڵانی نەوەدی بەرهەم هێنا تا گەیشتە شەڕ و پێکدادانە دووروودرێژ و خوێناوییەکان. بێگومان ڕاپەڕین خۆی لە توندوتیژی بێبەر نەبوو، لە سووکایەتیکردن بە لەشی ناپاکان و خائینەکان دابڕاو نەبوو، بەڵام وەک وتم زاڵبوونی ڕۆحە مەلحەمییەکەی ڕاپەڕین و ئەزموونکردنی شێوازێک لە ئازادی، کە ئێمە تا ئەو ساتە یەک چرکەیمان نەبینیبوو، وایان کرد زەحمەتبێت لەو ساتەدا بیر لە دەرەنجامە ترسناکەکانی ئەو جۆرە پەرگیرەی ئامادەگی و بەکارهێنانی توندوتیژی بکەینەوە. ئەمە وای کرد من ساڵانی دوای ڕاپەڕین تەرخان بکەم بۆ تێگەیشتن لەو هێزە ئەهریمەنییەی لەناو هەناوی مێژووی سیاسی ئێمەدا پەنهانە. هێزێک کە ساتەوەختە مەلحەمییەکانی مێژووی ئێمە دەگۆڕێت بۆ ساتەوەختی تراژیدی کارەساتئامێزی پڕ توندوتیژییەکی بەربەریانە، هێزێک بردنەوە و سەرکەوتنەکانمان وەردەگێڕێت بۆ خراپترین و نائەخلاقیترینی شێوازەکانی دۆڕان. لەدایکبوونی گۆڤاری ڕەهەند... پێوەندی بەم گۆڕانانەوە هەبوو. دوورکەوتنەوەی منیش لە ئەدەب بەگشتی و لە ڕەخنەی ئەدەبی بەتایبەتی هەر ئەمانە هۆکارە سەرەکییەکانیەتی. ئەمە جگە لە مەسەلەی سەفەرکردنم بۆ ئەوروپا و کەوتنە ناو دونیا و کولتوور و زمانێکی دیکەوە، کە پێویستیان بە کاتێکی تایبەت هەبوو بۆ فێربوون و ناسین و تێگەیشتنیان. بەڵام سەرەڕای ئەم ڕاستییانە من هەرگیز بەتەواوەتی لە خوێندنەوە و شیکردنەوەی تێکستە ئەدەبییەکان دانەبڕاوم. لەماوەی دە ساڵی ڕابردوودا هەندێک لێکۆڵینەوەی درێژم لەسەر نالی و حاجی قادر و قانیع و شێرکۆ بێکەس نووسیوە. لەمەش بترازێت من ئێستا خەریکی ئامادەکردنی بروانامەیەکی دکتۆرام لە زانکۆی ئەمستردام و بۆ ئەو مەبەستەش بڕێکی هێجگار زۆری تێکستە ئەدەبییەکانی سەدەی نۆزدەهەم و سەدەی بیستەمی ئەدەبی کوردی بەسەردەکەمەوە و دەخوێنمەوە و سەرلەنوێ ڕاڤەیان دەکەمەوە. من لە دوو ساڵی ڕابردووی ئیشکردنمدا لەو زانکۆیە کارەکانی نالی و سالم و کوردی و حاجی قادر و ئەحمەد موختار و قانیع و بێکەس و پیرەمێرد و زێوەر و شێخ سەلامم لە دیدێکی تایبەتەوە خوێندۆتەوە. لە دوو ساڵی داهاتووشدا بڕێکی دیکەی کارە ئەدەبییەکانی هەندێک لە نووسەر و شاعیرانی دیکەی کورد دەخوێنمەوە. ئەم پرۆژەیە دەبێتە یەکێک لە پرۆژە سەرەکییەکانی ژیانی من. ڕاستە بروانامەکەی من تایبەت نابێت بە ئەدەب، بەڵکو تایبەتە بە فەلسەفە و ئەنترۆپۆلۆژیای سیاسی،

بەڵام خوێندنەوەی بڕێکی گەورەی ئەو تێکستە ئەدەبییانەشی لەخۆگرتووە.

*** لای ئێمە ڕەخنە بە پاشکۆی دەق دادەنرێت. موجامەلەی لێ دەرکە، زۆربەی زۆری ڕەخنەکانمان زیاتر گەڕانن بە دوای دۆزینەوەی خاڵە لاوازەکانی دەق و خۆ بواردنە لە خاڵە بە هێزەکانی. بۆیە هەمیشە ڕەخنە لێگیراو لەسەرەنجامدا پێی قەڵس دەبێت؟ لە سۆنگەی ئەمەشەوەیە لای ئێمە دەقی پڕ لە داهێنان کەشف نابێ و بە لەبیرکراوی دەمێنێتەوە، بە گشتی ئامانجەکانی ڕەخنە لە تێکستێک دەبێ چی بن؟**

– لە ڕاستیدا زەحمەتە یاسایەک بدۆزینەوە بۆ دەستنیشانکردنی ئامانجەکانی ڕەخنەگر لە نووسینی تێکستێکی ڕەخنەیی. هەر ڕەخنەگرێکی ڕاستەقینە پێوەندییەکی تایبەت لەگەڵ ئەو تێکستەکاندا دروست دەکات، کە دەخوازێت دەربارەیان بدوێت و قسەیان لەسەر بکات. پێوەندییەک کە هەڵگری چەندان ڕەهەندی جیاجیایە، لە ڕەهەندی فیکرییەوە بۆ ڕەهەندی ئیستاتیکی و لە ڕەهەندی تاکەکەسی و هەندێکجار سایکۆلۆژییەوە بۆ ئەو ڕەهەندە کۆمەڵایەتییانە، کە تێکستێک دەکەنە بەرهەمی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو. من خۆم حەزێکی تایبەتیم لەو تێکستە ئەدەبییانە هەیە کە ڕۆحی سەردەمێکی مێژوویی دیاریکراو، ڕۆحی گرووپێک، شێوازێکی تایبەت لە ئینسان، کێشەیەکی ئەخلاقی و وجودی، ئەزموونێکی تایبەت و ناوازەی بوون و ژیان نیشان ئەدەن. من حەزم لە قسەکردنە لەسەر ئەو تێکستانەی کە هەست دەکەم لە قووڵاییەکانیاندا چەندان تێکستی تر هەن، کە دەیان و سەدان سێبەریان هەیە و هەریەکێکیشیان پێویستیی بە خوێندنەوەی تایبەت هەیە.

بێگومان ڕەخنەگر دەبێت لەوە زیاتربێت کە تەنها کاری لێکدانەوە یان گێڕانەوەی تێکستەکان بێت. ڕەخنەگری ڕاستەقینە هەموو ئەو سێبەرانە ئەدۆزێتەوە کە زمان و تێکستەکان بەجێی دەهێڵن و هەریەکێکیشیان شتێکی گرنگ و قووڵمان لەسەر دونیا و ئینسان و کۆمەڵگە پێ دەڵێن. هیچ ڕەخنەگرێکی ڕاستەقینە لیستێک داواکاری تایبەتی پێ نییە و لە تێکستە ئەدەبییەکاندا بەدوایاندا بگەڕێت، هەر ڕەخنەگرێک بە لیستێک داواکارییەوە بچێتە بەردەمی تێکستەکان ڕۆڵی ڕەخنەگر نابینێت، بەڵکو ڕۆڵی پۆلیس یان ئەفسەرێکی سەربازی یان لەباشترین دۆخدا ڕۆڵی مامۆستایەکی کەم خەیاڵ دەبینێت. هەموو ڕەخنەگرێک لەباتی لیستێکی لەو بابەتە پێویستی بە بوونی هەستێکی ئیستاتیکی پەروەردەکراو هەیە، هەستێک کە دەرەنجامی خوێندنەوە و ناسین و ئاشنابوون بە ژمارەیەکی گەورەی تێکستە ئەدەبییەکان و ڕێبازە فیکری و فەلسەفی و ئیستاتیکییەکان بێت. ڕەخنەگری ڕاستەقینە تێکستەکان

دەخـوێنێـتـەوە، شـیـیـان دەكـاتەوە، ڕاڤـەیان دەكـات و لەناو ئەو سیاقە كۆمەڵایـەتی و فـەرهـەنگی و ئـیستـاتیكی و مێژوویـیانەدا جێگیریان دەكات كە تیایاندا نووسراون و تیایاندا بڵاوبوونەتەوە و بڵاودەبنەوە.

لەڕاسـتـیدا یـاسایـەكی گـەردوونی نـیـیـە پێـمـان بڵـێت چۆن تێكستـێكی ئەدەبی بخـوێنینـەوە و هـەڵبسـەنگێنین و بنرخـێنین. هـەر ڕەخنـەگـرێك پشـتـئـەسـتووره بـە سـەلیـقـە و توانا و دید و تێڕوانین و جیهانبینی تایبەتی خۆی. بێگومان ڕێبازی ڕەخنـەیی جـیـاجـیـا هـەیە، كـە دەشـێت ڕەخنـەگـر پەیڕەویان بكات، بەڵام دیسانەوە ئەو ڕێبازانە نەخشەیەكی جێگیریان پێ نییە نیشانی بدەن چۆن تێكســتـێك دەخــوێندرێتــەوە. هـەر ڕێبــازێكیش نەخشـەیەكی وای هـەبوو ئەوا لەوە دەكـەوێت ڕێبازێكی ڕەخنەیی قووڵ و ڕاستەقینە بێت.

خـوێندنەوەی تێكست خـۆی جـۆرێكی تایبــەت لە هـونەرە و پێـویسـتی بە ئەزمـوونێكی قـووڵ و دەوڵەمـەند و پێگەیشـتـووی خـوێندنەوە هـەیە. سـەبارەت بـە ڕەخنەی كوردی منیش وەک ئێوە هـەڵسـەنگاندنێكی باشم بۆی نییـە. ئەم ڕەخنەیە بـەو شـێوەیەی ئەمــڕۆ دەنووســرێت ڕەخنەیەكی بێـفــیكرە، بێكەرەســتـــەیە، بێـسـەلیـقـەیە، بەڕادەیەكی ترسناک شـەخسـیـیـە، زۆرجار ڕق ئەیبـات بـەڕێوە، توانای خـوێندنەوە و ڕاڤـەكردنی تێكسـتـەكانی نییـە، چـەندە بێخـەیاڵە هـەندەش بێمـیـتۆدە و چـەندە دۆگـمـاییـە هێندەش دوورە لە ئەخـلاقـیـیـاتی خـوێندنەوەیەكی زانسـتـی و ئیستاتیكی ڕاستـەقینەوە. بۆیە ئەم ڕەخنەیە ڕەخنەیەكە ناتوانین تەنـانەت پێی بڵـێین پاشكۆی تێكسـتــەكـانـیـشــە، چونكە ئەو ڕەخنانـەی كە بە پـاشكۆی تێكسـتـەكـان ناودەبرێن ڕەخنەیەكن لانیكەم دەست بۆ سـێبـەری تێكستـەكان دەبـەن و هـەندێک شـتی ڕاسـتـەقـینە لەسـەر ئەو سـێبـەرانە دەڵێن، لەكاتێكدا ڕەخنەی كـوردی ناتوانێت تەنانەت لە سـێبـەری تێكسـتـەكـانیش نزیک

**ئەدەب نیشتیمانی ڕاستەقینەی ئینسانە ئەم وێناكردنەی دونیا و ئەم وێناكردنە تایبەتەی ڕۆڵی ئەدەبم لەبەرچاوە**

**ڕاپەڕین یەكەمین قەسیدەیە كە مێژووی ئێمە لەدوای نوشوستییە گەورەكانی سەدەی بیستەمەوە توانیبێتی بینووسێت**

ببێتەوە. خوێندنەوەی تێکست پێویستی بە خەیاڵ و عەقڵ و هەستێکی ئیستاتیکی پەروەردەکراو هەیە، ئەمانەش لە واقیعی ڕۆشنبیریی و ڕەخنەیی ئێمەدا زۆر زۆر کەمن. من ناتوانم ڕەخنەگرێکی ئەدەبی لە واقیعی ئەمڕۆکەی ڕەخنەی کوردیدا بدۆزمەوە، کە متمانەم بە خوێندنەوە و چێژ و هەڵسەنگاندن و ڕاڤەکردنەکانی هەبێت. یان هەست بکەم ئەوەی ئەو دەیڵێت تێگەیشتنی من بۆ تێکستەکان قووڵتر و فراوانتر و هەمەلایەنتر دەکاتەوە، یان شتێک دەخاتە سەر ئەو دونیایەی کە تێکستەکان خۆیان ئاشکرای دەکەن و ڕاڤەی دەکەن، یان لە گۆشەنیگایەکەوە لە تێکستەکان دەڕوانێت جیاواز لە گۆشەنیگای نووسەرەکانیان و بەمەش لە تێکستەکاندا مانا و دید و جیهانبینی نوێ دەدۆزێتەوە. بەپێچەوانەوە بەشێکی زۆری ڕەخنەی کوردی لەسەر هەژراکردنی تێکستە دەوڵەمەندەکانی ئەدەبی ئێمە کاردەکات. ئەدەبی ئێمە خاوەنی کۆمەڵێک تێکستی ئەدەبی گرنگە، بەڵام ئەوەی ڕەخنەی کوردی لەسەر ئەو تێکستانەی دەڵێت ئەگەر کوشتنی تێکستەکان نەبێت، ئەوا لاوازکردن و هەژارکردنێکی ترسناکی ئەو تیکستانەیە. زۆرجار ئەوەی ئەو ڕەخنەیە دەخوازێت بیڵێت یان بیدۆزێتەوە، تێکستەکان خۆیان وەک سێبەرێکی بچووک لە قوژبنێکی بچووکی خۆیاندا دەیڵێن و بەجێی دەهێڵن.

بێگومان ڕەخنە تەنها چالاکییەکی عەقڵی نییە، تەنها لێکدانەوەی هەڵسوکەوت و جووڵانەوە و بیروبۆچوون و تێڕوانین و چاوەڕوانی و حوکمەکانی ناو تێکستێکی ئەدەبی نییە لەڕێگای دۆزینەوەی پێوەندی نێوان ئەو شتانە لەگەڵ یەک و لەگەڵ دونیای دەرەوەدا، بەڵکو چالاکییەکی خەیاڵیشە بەوەی بتوانێت تێکستەکان سەرلەنوێ دابڕێژێتەوە و ئاراستەیەکی دیکە بە ژیان و زیندەگییان بدات. بەداخەوە ئەوەی لە ڕەخنەی کوردیدا بەدی دەکرێت گەورەکردنی ئەگەرەکانی ژیانی تێکستە گرنگەکانی ناو ئەدەبی ئێمە نییە، بەڵکو هەڵکەندنی چاڵ و بیر و نشێوی گەورەیە بۆ ئەو تێکستانە.

*** دەڵێن مەریوان قانع، کە ڕەخنە لە فکرێک یاخود دیاردەیەکی سلبی یا هەر شتێک بگرێت، بەدیلی بۆ دانانا و خۆی لێ دەبوێرێت. ئێمە فێرین کە پێمان بوترێت ئەم شتە خراپە، دەڵێین ئەی چی بکەین، چار چییە؟ واتا ئەڵتەرناتیڤەکەی چییە، تا چەند لەگەڵ یاخود دژی ئەو قسەیەیت؟**

– هەر کۆمەڵگەیەک ڕەخنەی نەوێت کۆمەڵگەیەکی نەخۆشە و هەر سیستمێکی سیاسیش گلەیی لە ڕەخنەگرەکانی بکات سیستمێکە ڕووی لە ناشیرینکردنی سیاسەت و ناشیرینکردنی کۆمەڵگە و ناشیرینکردنی ژیانە. هابرماز لە چاوپێکەوتنێکدا دەڵێت کۆمەڵگەی هاوچەرخ چەند پێویستی بە تەکنۆلۆژیا و ئامێر و دەزگای مۆدێرن هەیە، ئەوەندەش پێویستی بە ڕەخنە هەیە،

ڕەخنەیەک بەردەوام ئەگەرە ناشیرین و پڕ مەترسییەکانی ناو ئەو کۆمەڵگەیە بدۆزێتەوە و بیکاتە بابەتی باسکردن و قسەلەسەرکردنێکی کراوە و ئاشکرا. لەم دیدەوە کاری ڕەخنە لە دونیای هاوچەرخدا بەشێکە لە ستراتیژییەتی کردنی ئەم دونیایە بە شوێنێکی ئارام و قابیلی ژیان. بەشوێنێک نەبێتە جەهەنەم و ژیانی مادی و مەعنەوی ئینسانەکان وێران نەکات. هەر کۆمەڵگەیەک ڕەخنەگری نەبێت و هەر هێزێکی سیاسی و کۆمەلایەتی بێبەش بێت لە ڕەخنە، دەبێتە بیابان. دەبێتە دونیایەکی پڕ مەترسی و پڕ کابوس و پڕ هەڕەشە. ئەوەی لە پێوەندیدا بە پرسیارەکەی تۆوە گرنگە باسی بکەم پێوەندی ڕەخنەیە وەک چالاکییەکی فیکریی و کولتووریی و کۆمەلایەتی بە ئەرکی دۆزینەوەی ئەلتەرناتیڤەوە. هەر لەسەرەتاوە حەزدەکەم زۆر بە ڕاشکاوی پێت بڵێم ئەوەی چالاکی ڕەخنە بە دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی حازرەوە گرێدەدات، نەک تەنها لە ئەرک و وەزیفەکانی ڕەخنە تێنەگەیشتووە، بەڵکو یان ئەوەیە نایەوێت ڕەخنە هەبێت و کۆمەڵگە بێبەش دەکات لەم چالاکییە گرنگە، کە ئەمەشیان داواکارییەکی پڕ مەترسییە و جگە لە کارەسات هیچی دیکەی لێ دروست نابێت، یان ئەوەیە دیدێکی پێغەمبەرانەی بۆ کەسایەتی ڕۆشنبیر یان ڕەخنەگر هەیە. هەر ڕۆشنبیرێکیش ڕۆڵی پێغەمبەری گێڕا یان نیازی وابوو ئەو ڕۆڵە بگێرێت ڕۆشنبیرێکی ترسناکە. ڕۆشنبیر پیغەمبەر نییە لەیەک کاتدا پێوەندی نێوان ئینسان و ئاسمان و ئینسان و زەوی و ئینسان و کۆمەڵگە و ئینسان و ئینسانەکانی دیکە ڕێک بخات. هەموو ئەوانەی لە مێژووی فیکردا ویستوویانە ڕۆڵی پێغەمبەر ببینن دواجار گەر خۆشیان نەبووبنە دیکتاتۆری گەورە ئەوا بە پۆل دیکتاتۆر لەناو پەڕەی کتێب و نووسینەکانیانەوە هاتونەتە دەر. ئەگەر لە ناوەندی ڕۆشنبیریی کوردیدا کەسانێک هەبن پێیان وابێت وەک ڕۆشنبیر هەڵگری ڕۆح و توانایەکی پێغەمبەرانەن، ئەوا من لەو ڕۆشنبیرانە نیم. ئەرکی ڕۆشنبیر لای من ئەوە نییە ڕۆشنبیر بە کۆمەڵگە بڵێت چی بکات و چی نەکات. نەخشەیەک بۆ هەڵسوکەوت و بیرکردنەوەی ئینسانەکان بکێشێت، وەک چۆن بەدیوی ئەودیویشدا دۆزینەوەی چارەسەری عەمەلی و پراکتیکی نییە بۆ کێشەکان. لە ڕاستیدا داواکاری و چاوەڕوانیی لەو جۆرە لە ڕۆشنبیر، نەک هەڵەیە بەڵکو زۆر پڕ مەترسیشە. ئەوانەی ئەم جۆرە داواکارییانەیان لە ڕۆشنبیر هەیە، خوازیاری ئەوەن مۆدێلێکی دیکتاتۆرییانەی ڕۆشنبیر دروست ببێت کە لەپاڵیدا مۆدێلی دیکتاتۆرییەتی سیاسی بتوانێت بە ئاسانی بژی و گەورە ببێت. چونکە دانانی ڕۆشنبیر لە شوێنی کۆمەڵگە و کردنی بە ئەڵتەرناتیڤی هێزە کۆمەلایەتییەکان ئەو هەنگاوە سەرەکییەیە، کە بەهۆیەوە سیاسەت خۆشی دەچێتە شوێنی کۆمەڵگە و بەناوی کۆمەڵگەوە قسە دەکات. لەهەردوو دۆخەکەدا ئەوەی بێدەنگ دەکرێت کۆمەڵگەیە.

ئەركی ســـەرەكی ڕۆشنبـیـر بەلای منەوە ڕەخنەیە لەوەی لە ئێســتـادا لەئارادایە، ڕەخنەیە لە شـێـوازی بیـرکـردنەوە و بەڕێوەبردن و چەمک و دەزگا باڵادەستەكان. ئەركی ڕۆشنبیر لەوەدایە بڵێت دەكرێت دونیا لەوە جوانتر بێت، كە لە ئارادایە و بۆ سـەلماندنی ئەمەش كۆمـەڵێك وێنە و دید و وێناكردنی نوێ پێشكەش بكات، كـۆمــەڵێك ئامـرازی تازە نیـشــان بدات بۆ خوێندنەوە و بیركردنەوە و ڕاڤەكردن، هەندێك ئەگەری فیكری و كۆمـەڵایەتی و سیاسـی نیشان بدات كە ئەگەری گواسـتنەوەی ئینســان بۆ ئەودیوی سنوورەكـانی ئێـســتـا گـەورە بكات. دەسـتنیشان كردن و تیشك خستنە سەر كێشە كۆمەڵایەتی و سـیـاسـی و كـولتـوورییـەكـان بەشـێكی هێـجگار گـرنگی ئەو ئەركـەیە، كـە ڕۆشنبـیـر لەســەریەتی، ئەمــەش جـیــاوازە لە دۆزینەوەی چارەسـەری عـەمـەلی بۆ ئەو كێشـانە. یەكـەمـیـان پێـویســتـی بە كــارێكی فــیكرییـــە بۆ دۆزینەوەی ڕەهـەندە جیاوازەكان و زۆرجار ترسناكەكانی ئەو كێشانە، لەكاتێكدا چارەسـەركردنیان مـەسەلەیەكی پراكتیكی عەمەلییە و پێوەندی بە دانووســـان و ڕاپرسـی و كـۆبوونـەوە و دۆزینـەوە و ئینجــا ڕێكەوتن لەســەر چارەســەرە عـەمـەلـیـەكـان هەیە. ڕۆشـنبـیـر چارەســەری عــەمــەلی لا نیـیـە، ئەو تەنـهـا دەتوانێت قــووڵایی هەندێك لە كێشـەكان و مـەترسییەكانیان ببینێت. ئەوانەی كە دەبێت چارەسـەرەكـان بدۆزنـەوە ئەو كەسـانەن، كـە لە نزیكەوە لەگەڵ ئەو كێشـانەدا مـامـەڵە دەكەن. لەڕاسـتیـدا مـەبەست لە ڕەخنەگـرتن ئاگاداركردنەوەی كـۆمـەڵگەیە لەو دیاردە و ئەگەرە ترسـناكـانەی لە هەناویدا ئامـادەیە، پێـشـنیـاركـردنی دیدێكی دیكەیە بۆ ڕوانین لە دیاردەكان، نیشـاندانی ئەو ئاسـۆیانەن كە دەشـێت دابخـرێن و ئەو ئاسـۆیانەش كـە دەكـرێت بكرێنەوە. ئـەركی ڕەخنـە ئەوە نیـیــــە من لە هـۆڵەنداوە بە بـەڕێوەبـەری دەزگایەك یان وەزیرێك یان سەرۆكی حكومەت بڵێم دەبێت چی

**هیچ ڕەخنەگرێكی ڕاستەقینە لیستێك داواكاری تایبەتی پێ نییە و لە تێكستە ئەدەبییەكاندا بەدوایاندا بگەڕێت،**

**ئەدەب سەرقاڵی بەخشینی مافی جیاز ابوون و لەویدی نەچوون و تەنانەت لەخۆنەچوونە بە ئینسان**

بكات، چۆن فلان یان فیسار کێشە چارەسەر بکات. من دەتوانم تیشک بخەمە سەر هەندێک ڕەهەندی ترسناکی ناو ژیانی سیاسی و کۆمەڵایەتی و ڕۆشنبیریی، بەڵام ناتوانم بڵێم لەڕووی عەمەلییەوە چی بکرێت. ئەمەی دووهەمیان وەزیفەی من نییە، بەڵکو وەزیفەی ئەوانەیە کە لەگەڵ ئەو کێشانەدا مامەڵە دەکەن و ئیشیان ئەوەیە ئەو کێشانە چارەسەر بکەن. ئەرکی ڕۆشنبیر ئەرکی بینین و باسکردن و لێکدانەوە و بەگشتیکردنی کێشەکانە. لەڕاستیدا ئەوەی داوای دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیف لە ڕەخنەگر دەکات دەیەوێت ڕەخنە لە بنەڕەتەوە هەر نەبێت. چونکە دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیف کاری ئەوانەیە کە لە لێزان و شارەزای ئەو بوارانەن، کە ڕەخنەکەیان ئاراستە دەکرێت. ئەمە جگە لەوەی دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیف بۆ کێشەیەکی کۆمەڵایەتی یان سیاسی یان ڕۆشنبیری کارێکی تاکەکەسی و شەخسی نییە، بەڵکو کارێکی کۆمەڵایەتیی و پێکەوەییە و پێویستی بە بەشداربوونی ئەو لایەنانە هەیە، کە کێشەکەیان دروست کردووە و ئەو لایەنانەش کە بەدەستییەوە دەناڵێنن، ئەمە جگە لە بەشداربوونی ئەوانەی لەو بوارەدا لێزانن و دەشێت بتوانن کۆمەڵێک پێشنیاریان بۆ چارەسەرکردنی عەمەلیانەی ئەو کێشانە هەبێت. لەدوا وێستگەشدا دەبێتە کاری ئەوانەی دەسەڵاتیان بەدەستەوەیە و توانای بڕیاردان و پیادەکردنی بڕیارەکانیان هەیە. ئەوەی دەیەوێت بە من بڵێت تۆ یان نابێت ڕەخنە بگریت یان کە ڕەخنەت گرت دەبێت چارەسەرەکەشمان پێ بڵێیت، کەسێکە دەیەوێت نەک تەنها من بێدەنگ بکات، بەڵکو دەیەوێت من ئیشەکەی ئەویش بکەم. بۆ نموونە من کە دەڵێم کۆمەڵگەی کوردی سەرەڕای ئەوەی پازدە ساڵە ئازادە بەڵام یەکێک لە ساتەوەختە هەرە لاوازەکانی مێژووی خۆی دەژی و ئەمەش گرێ ئەدەم بەو پرۆژەی بە حیزبیکردنە تۆقێنەر و پڕ مەترسییەی کۆمەڵگەوە و بەو پشتبەستنە ئابوورییە ترسناکەی بە دراوسێکانمانەوە هەیە و بەو بێکارییە تۆقێنەرەی بەشی هەرەزۆری ئینسانەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی گرتۆتەوە، بەو شێوازە پڕ مەترسییانەی هەژاری کە لە کۆمەڵگەی ئێمەدا لە دروستبووندایە، مانای ئەوە نییە من دەبێت بێم و بەرنامەیەکی ئابووری و بەرنامەیەکی ئیداری و بەرنامەیەکی سیاسی بنووسم و نیشانی بدەم چۆن هەریەکێک لەو کێشانە چارەسەر دەکرێن. من ئابووریزان نیم تا بتوانم بەرنامەی ئابووری دابنێم، بەڵام ئەزانم ئەو لاوازییە ئابوورییەی ئەمڕۆ کۆمەڵگەی کوردی بەدەستییەوە دەناڵێنێت، دەرەنجامی سیاسی و کۆمەڵایەتی زۆر کوشندەی لێ دەکەوێتەوە. من ئیداری نیم تا بتوانم بەرنامەی ڕیفۆرمکردنی ئیداری بۆ وڵاتەکە بنووسم، بەڵام دەزانم کۆمەڵگەیەک لە ئەنجامی ململانێیەکی حیزبی ناشیرینەوە بکرێت بە کۆمەڵگەی هەزاران فەرمانبەری بێکار و دەزگای ناپێویست و تۆڕێک بەڕێوەبەر و ئیداری حیزبی، کۆمەڵگەیەک ئیدارەکەی سادەترین مافە سەرەتاییەکانی ئینسان بە مەسەلەی

حیزبی بوون و حیزبی نەبوونەوە گرێ بدات، کۆمەڵگەیەک نییە بتوانێت بەرگری لە هیچ مافێکی خۆی بکات و لە مەودای دووریشدا ناتوانێت خۆشی بژیەنێت و دەیان کێشەی ترسناکیش بەرهەم دەهێنێت. من وەک کۆمەڵناس یان سیاسەتناس یان رۆشنبیر، چ ناوێکی لێ دەنێیت لێی بنێ، دەتوانم لەهەریەکێک لەو بوارانەدا کۆمەڵێک خەلەلی گەورە و مەترسیدار ببینم و دەرەنجامەکانی بۆ سەر کۆمەڵگە و سیاسەت و کولتوور بخوێنمەوە، بەڵام توانا و زانیاریی ئەوەم نییە بڵێم ئابووریی کوردستان چۆن رێک بخەینەوە، لەکوێ کشتوکاڵ بکرێت و لە کوێ کارگە بکرێتەوە و کوێش بکرێت بە شوێنی گەشت و گوزار؟ جا من کە هاتم و چارەسەری کێشە سیاسی و ئابوری و ئیدارییەکانیشم کرد ئیتر ئەو هەموو وەزیر و سیاسی و سەرۆک و دەسەلاتدارانەمان بۆ چییە کە ولاتەکە بەرێوە دەبەن. رەخنەگر کەسێک نییە ئیشی هەموو ئینسانەکانی تریش بکات. کە من دەڵێم سیستمی پەروەردە ئینسانی ترساو و بچووک و بێ ئیرادە و بێزمان و نەشارەزا و دەسەلاتگەر دروست دەکات، مانای ئەوە نییە من دەبێت بێم و بەرنامەیەک بۆ پەروەردە بنووسم و بڵێم برۆن دەوامی قوتابخانە و زانکۆکان وا لێ بکەن و دەزگاکانی پێگەیاندنی مامۆستایان بەم جۆرە و بەو جۆرە ببەن بەرێوە و خوێندن لە ولاتەکەدا بەم شێوەیە لێ بکەن و فلانە یان فیسار فەلسەفەی پەروەردەیی پیادە بکەن. من دەرەنجامی شێوازی کارکردنی پەروەردە و بەرهەمەکانی لە واقیعدا دەبینم، مەترسییەکانی دەخوێنمەوە. رۆژانە دەبینم ئەم سیستمە ئینسانێک دروست دەکات کە نازانێت باسی خۆی بکات، ناوێرێت پرسیار بکات، زانیاری دەربارەی ئەو دونیایە نییە کە تیایادا دەژی، لەش و ئارەزووەکانی خۆی ناناسێت، ناتوانێت رایەک دروست بکات و بە ئەرگومێنت هێنانەوە بەرگری لەو رایە بکات. من کە ئەمانە دەبینم هەوڵ ئەدەم بیانکەمە بابەتی باسکردن و قسە لەسەرکردنێکی ئاشکرا و وەک کێشەیەکی ترسناک، کە پێویستی بەچارەسەری خێرا و قووڵ و هەمەلایەن هەیە بیخەمەروو. بەلام دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤ بۆ ئەمە کاری وەزارەت و لێزانان و شارەزایانی بواری پەروەردەیە.

سەرەرای هەموو ئەمانە دۆزینەوەی کێشەکان و باسکردن و خوێندنەوەیان خۆی هەنگاوێکی گرنگی دۆزینەوەی چارەسەرەکانیانە. سەرەتا دەبێت کێشەکان بکرێن بە کێشەی بینراو و بیستراو، دوای ئەوە دەکرێت بیر لە چارەسەرکردنیان بکرێتەوە. بۆ نموونە کە من دەنووسم کێشەی سەرەکی گەندەڵی لە کوردستاندا پێوەندی بەو پێوەندییە نادروستەوە هەیە، کە حیزب بە کۆمەڵگە و حیز بە دەوڵەتەوە گرێ دەدات. کە دەنووسم گەندەڵی پێوەندی بە ئاوسانی قەبارە و ئاوسانی دەسەلاتی حیزبەوە هەیە لەسەر حیسابی دەزگا یاساییەکانی دەوڵەت و دەزگاکانی کۆمەڵگەی مەدەنی، ئەم دەستنیشانکردنە خۆی دۆزینەوەی نیوەی چارەسەرەکانە. ناراستەوخۆ

ئەم دەستنیشانکردنە دەڵێت دەبێت حیزب لە دەوڵەت و حیزب لە کۆمەڵگە جیابکرێتەوە. حیزب دەوڵەت و کۆمەڵگە نەخوات. حیزب بڕیار بۆ کۆمەڵگە و بۆ دەوڵەت نەدا . حیزب دەبێت لە دەوڵەت و لە کۆمەڵگە بچووکتر بێت. بەڵام دوای ئەوە چۆن و بە چ شێوەیەک حیزب بچووک دەکرێتەوە، چ مقەڕێک دادەخرێت و مەعاشی کام بەش لە کادرەکانی حیزب دەبڕدرێت و کام مەسروفی حیزب ناهێڵدرێت، چۆن یاسا و دەزگاکانی دەوڵەت بەهێز دەکرێن و چۆن وادەکرێت دەوڵەت لەسەرووی حیزبەوە بێت. . . هتد ئەمانە کاری ئەوانەیە کە وڵاتەکە بەڕێوەدەبەن. بە کورتی هەموو ئەوانەی کە داوای دۆزینەوەی ئەڵتەرناتیڤی کێشەکان لەمن دەکەن هەم لە ئەرک و وەزیفەی خۆیان تێنەگەیشتوون و هەم لە ئەرک و وەزیفەی من.



*** ساڵ بە ساڵ و ڕۆژ بە ڕۆژ لێشاوی کۆچ بەرەو هەندەران توندتر دەبێتەوە، بیری کۆچ لە هزری هەمووواندا هێلانەی کردووە و بەردەوام لە بیرماندایە. کەنگێ دەتوانین بەر بەو لافاوە بگرین و شەپۆلە شێتەکانی دابمرکێنینەوە؟**

– لە ئەدەبیاتی زانستیدا زیاد لە مۆدێلێک بۆ لێکۆڵینەوە و تێگەیشتن لەدیاردەی کۆچکردن هەیە، یەکێک لەو مۆدێلانە ئەوەیە کە دیاردەی کۆچکردن بە دوو کۆمەڵ هۆکاری سەرەکییەوە دەبەستێتەوە. یەکەمیان ئەو هۆکارانەیە کە پاڵت پێوە دەنێن... کۆچ بکەیت و وڵات بەجێ بهێڵیت. دووهەمیان ئەو هۆکارانەیە کە ڕاتدەکێشن... بۆ

کۆچکردن. یەکەمیان کۆمەڵێک هۆکارە لەدواوە پاڵت پێوە دەنێن بۆ بەجێهێشتنی وڵات، دووهەمیان ئەو هۆکارانەن لەپێشەوە ڕاتدەکێشن بۆ ئەوەی بچیت بۆ شوێنێکی تر. یەکەمیان هێزێکی پاڵنەرە... دووهەمیان هێزێکی ڕاکێشەرە...، یەکەمیان دەرت دەکاتە دەرەوەی نیشتیمان ،دووهەمیان ...داوەتت دەکات بۆ نیشتیمانێکی تر. لە پیادەکردنی ئەم مۆدێلەدا بۆ لێکدانەوەی دیاردەی کۆچ لە کوردستاندا دەکرێت بڵێین ئەوەی پاڵ بە خەڵکەوە دەنێت کۆچ بکەن هەلومەرجی زەحمەت و ناپەسەند و نائومێدکەری کوردستانە، واتە ڕاکردنە لەدەست ناشیرینییەکانی ئەو دونیایەی لە کوردستاندا دروست کراوە. ئەوەشی ڕاتدەکێشێت و داوەتت دەکات بۆ سەفەر ئیغرائات و ختووکەدانەکانی ژیانی دەرەوەی کوردستانە، بەتایبەتی ژیان لە ئەوروپا. ئەمەش مانای ئەوەیە چەندە ناخۆشی ژیان لە کوردستاندا هۆکارێکە بۆ کۆچکردن ئاواش وێنەی ژیانی دەرەوەی کوردستان هۆکارێکی گرنگە بۆ کۆچکردن. بێگومان هێزی هۆکارە پاڵنەرەکان و هێزی هۆکارە ڕاکێشەرەکان بۆ کۆچکردن یەکسان نین. ئەم هاوکێشەیە هاوکێشەیەکی ماتماتیکی نییە بتوانین بڕی هێزی هەریەکێکیان بپێوین. ئەوەی ئەم مۆدێلە پێمان دەبەخشێت دروستکردنی چوارچێوەیەکی گشتییە بۆ تێگەیشتن لە دیاردەی کۆچکردن. هۆکارە پاڵنەرەکانی کۆچ لە کوردستاندا زۆرن، بەڵام لە هەموویان بەرچاوتر ئەو هەستکردنە گەورەیەیە بە نامۆبوون لەو دونیایەی دەسەڵاتدارانی کورد لەدوای ڕاپەڕینەوە دروستیان کردووە، بەتایبەتی لە دوای کەوتنی ڕژێمەکەی سەدام حوسەینەوە. دونیای کورد لە کوردستانی عێراقدا دونیایەکی شیزۆفرینییە و بەشێوەیەکی شاقووڵی بۆ دوو دونیای ناکۆک و دژ بەیەک دابەش بووە. دونیایەکیان دونیای بەرپرس و دەوڵەمەند و ملیۆنێرە تازەکانی دوای ڕاپەڕینە، کە لەناو سیاسەتەوە بۆ ناو ئابووریی پەڕیونەتەوە، دونیای دووهەمیان دونیای ئەو ئینسانانەیە، کە دەرەقەتی دابینکردنی داخوازییە تازەکانی ژیانێکی ئاسایی لە وڵاتەکەدا نایەن. نموونەی یەکەمیان ئەو خاوەن ئوتێل و بازاڕ و کارگە و زەوییانەن کە لەناو هەڵقە گرنگەکانی دەسەڵاتی حیزبیدا ئامادەن، یان لە پێوەندییەکی نزیک و گەرمدان بەو هەڵقە حیزبیانەوە، نموونەی دووهەمیشیان ئەو کەسانەن کە لە دۆخی هەژارییەکی کوشندەدا دەژین، بۆ نموونە ئەو دایک و باوکە گەنجەی ماوەیەک لەمەوبەر، وەک ڕۆژنامەکان نووسییان، منداڵەکەیان دوای لەدایکبوون لەبەر هەژاری لە خەستەخانەی هەولێر بەجێهێشت و نەیانویست وەری بگرنەوە. دونیای یەکەمیان دونیای ئەو بەرپرس و دەسەڵاتدارە دەوڵەمەندانەیە، کە خەریکی دروستکردنی شاری خەونەکان... و بەهەشتی شار... و بە دوبەی...کردنی کوردستانن. دونیای دووهەمیان دونیای ئەو هەژارە تازانەیە کە ناچارن شتگەلێک ئەنجام بدەن دوور لەسەرەتاییترینی ئەو هەستە ئینسانییانەی، کە ئینسان دەکەن بە ئینسان. بە

بۆچوونی مـن دروستـبوونی ئەم دوو دونـیا ناکـۆک بەیەک و دژ بەیەکـەیە پاڵ بە دەیان و سـەدان گەنجـەوە دەنێت کۆچ بکەن و لەشـوێنێکی دیکەی ئەم دونیایەدا بەدوای ژینگەیەکەی ئینسانیـتر و کەرامەتپارێزتردا بگەڕێن. ئەم دونیا شیزۆفرینییە وا دەکات ئینسـان هەست نەکات لە مـاڵێکی تەندروست و گەرم و ئومێدبەخشـا دەژی. وادەکات وێنەیەکی نـاشیرین و تۆقێنەری ئایندەی لا دروست ببێت، هەست بەبێنرخی و بێبەهایی خۆی بکات و ژیانی خـۆی وەک پانتاییـەکی تاریکی بێمانا ببینێت.

ئەوەی لێرەدا شایانی سـەرنجدانە ئەوەیە زۆربـەی ئەوانەی ئەمڕۆکە کۆچ دەکەن ئەو ڕاستییـە کوشندەیە دەزانن، کە شـانسی سەرکەوتنی کۆچکردنیان زۆر بچووکە و دەرگاکانی پەناهەندەیی و قبـووڵکردن بەڕووی کوردی هەڵاتوودا داخـراوە. ئەمـەش مـانـای ئەوەیە هۆکاری ڕاکێـشـان و داوەتکردن بۆ کـۆچکردن هۆکارێکی تابڵێی لاوازە، چونکە زۆربەی کۆچبـەران ئـەوە دەزانن، کە نەک تەنها ڕێگاکانی کۆچکردن پڕ مەترسی و پڕ موغامەرەی کوشندەیە، بەڵکو ئەگەری ئەوەی کە شـوێنێکیـان دەست بەکـەوێت و بتـوانن ژیانێکی ئارامـی تێدا ببـەنەسـەر زۆر بچـووکـە، گـەر مـەحاڵیش نـەبێت. ئەمـەش بەرەو ئەو دەرەنجامـەمان دەبات دۆخی کۆچکردنی گـەنجانی ئەمڕۆ زیاتر بەو هۆکارانەوە ببەستینەوە، کە لە نیشتمان خۆیدا پاڵ بەکەسێکەوە دەنێن سەرهەڵگرێت و بڕوات، نەک بەو هۆکارانەوە کە کـەسێک ڕادەکێشن بـۆ سەفـەر. هیچ شتێک بەقەد ئەوە ناخـۆش نییە لە کۆمـەڵگەیەکدا بژیت هەست بکەیت شـانسی گەشـەکردنی سەربەخـۆ و دادپەروەرانەت پێ نادات. تەماشای ئەوە نەکات تۆ چیت و چی دەتوانیت و چیت پێ دەکرێت، بەڵکو لەوە بڕوانێت تۆ کـوڕی کـێـیت، سـەر بەکـام خـێـڵ و حـیـزب و سـەرکـردەی سـیـاسـیت. ئینسـان ناتوانێت لە کـۆمـەڵگەیەکدا بژی ڕۆژانە بەشـێکی بچـووکی ئەو کـۆمـەڵگەیە ناپاکـیـیـەکی گەورە بـەرامـبـەر بەبەشەکانی تری پیادە بکات. هیچ شتێک لەوە ناخۆشـتر نییە وشیاربیت بەوەی لە کۆمەڵگەیەکی نادادپەروەردا دەژیت، بۆ هەندێک هەمـوو دەرگاکانی کراوەیە و بۆ هـەندێکیش هەمـوو ئاسۆکانی داخـراوە. ئینسـان پێویستـی بەوەیە خـەون ببینێت، ئەگەری ئەوەی لەبەردەمدابێت دونیای خـۆی جوانتـر و ئینسـانیـتر بکات، بتوانێت ژیانی خـۆی گەشـە پێ بدات و پێش بخـات. کەچی دوای پازدە سـاڵ لە ئەزمـوونی دەسـەڵاتی خـۆمـاڵی... ئینسـانی ئێمـە ناچاربووە منداڵەکەی خـۆی لە بەر هەژاری لە خـەستـەخـانـەیەکدا بەجێ بهێڵێت. ئەمـە دونیـایەکە نەک تەنها کارەسـاتی ئینسـانیی گـەورە بەرهـەم دەهـێنێت، بەڵکو خـەریکە ئینسـانەکانـی لە دڵڕەقیدا دەکات بە جـەلاد. ئەزمـوونی دەسـەڵاتی سیاسـی و ئیداری لە کـوردستـاندا و شـێـوازی بەڕێوەبردن و چۆنیـەتی مامـەڵەکردنی هێزە سیاسییەکانی کوردستان لەگەڵ کۆمەڵگەی کوردیدا ئەزموون و شێوازێکی زۆر نادادپەروەر

و فـیـودالّی و دەرەبەگـانەیە. ئەوەی ئینسـانی ئێـمـە وا لێ دەکـات سـەرهەڵگرێت ئەم دۆخـە نائینسانییە تۆقێنەرەیە. ئەوەی من دەترسێنێت خودی کۆچی گەنجان و بیرکردنەوەیان نییە لە کۆچکردن، چونکە گەنج بوونەوەرێکی خەونبینە، بەڵکو گەیشتن بەو ساتەوەختەیە کە چیدی کۆچ یان بیرکردنەوە لە کۆچکردن نەتوانێت ببێتە کەناڵێک بۆ دەربازبوون لەو دونیا ناشیرین و بێدادەی لای گەنجان خەونی کۆچکردن دروست دەکات. لەو ساتانەدا هەموو ئەوانەی کە هەستێکی قووڵ بە غەدر و واقیعێکی سەختی غیابی دادپەروەری بە دۆخێکی ترسناکی هەژارییەوە، گرێ ئەدەن و ئەمەش دەبێتە سەرچاوەی دروستبوونی نائومێدییەکی گەورە لەلایان. دەڵێم لەو ساتانەدا دەبێت چاوەڕوانی تەقینەوەی کۆمەلایەتی گەورە بکەین. ئینسانی نائومێد و تووڕە و هەستکەر بە غەدر دەکرێت ببنە ئامرازی ئەو گرووپە توندڕەو و توندوتیژییانە، کە ئەمڕۆ وەک قارچک لە هەموو شوێنێکی ئەو ناوچەیەدا سەردەردەهێنن کە کۆمەڵگەی ئێمەی تێدا دەژی. ئەو بارودۆخەی لە کوردستاندا ئامادەیە بارودۆخێکە گەر بەشێوەیەکی ڕادیکاڵ ڕیفۆرم نەکرێت جگە لە توندڕەویی و توندوتیژی و تووڕەیییەکی کونتۆڵنەکراو هیچی دیکەی لێ سەوز نابێت.

*** لەم زەمەنەی خەریکە تیرۆر یەک یەک لە دەرکەمان دەدات، ڕۆڵی ئەدەب دەبێ چی بێت؟ مەبەستم ئەوەیە چۆن بە شیعر، بە شانۆ، بە ڕۆمان، بە ڕەخنە بەرەنگاری تیرۆر ببینەوە، لە کاتێکدا فەلسەفەی تیرۆر تەواو لە زمانی گفتوگۆ خاڵییە ؟**

– لە ئاستی ڕاستەوخۆدا هەموو شیعر و ڕۆمان و شانۆگەرییەکانی دونیا ناتوانن بەر بە گوللەیەک بگرن، کە کەسێک لە ئەنجامی دەستنان بە پەلەپیتکەی تفەنگێکدا ڕووبەڕووی سەری کەسێکی تری دەکاتەوە. لەم ئاستە ڕاستەوخۆیەدا ئەدەب بێدەسەلاتترین ئامرازە، نەک هەر ئەوە ڕەنگە خۆشی هۆکارێک بێت بۆ کوشتن و تیرۆر و لەناوبردن. ئەوەتا لە دونیای ئەمڕۆدا چەندان جار بە چاوی خۆمان بینیمان نووسەران لەبەر نووسینی تێکستە ئەدەبی و فیکریی و ڕەخنەییەکانیان ڕووبەڕووی پەلامار و هەڕەشە و هێرشی کوشتن بوونەوە. بەڵام ئەم حیکایەتی بێدەسەلاتییەی ئەدەب هەموو حیکایەتەکانی ئەدەب نییە. ئەدەب دەتوانێت بەشداربێت لە پرۆسەیەکی مێژوویی و کۆمەلایەتی و فەرهەنگی و سایکۆلۆژی ئاڵۆز و درێژخایەندا، کە تیایدا شێوازێکی نوێ لە زاتییەت و شێوازێکی نوێ لە ویژدان و شێوازێکی نوێ لە کەسایەتی ئینسانی دروست ببێت، کە کوشتنی ئینسان وەک کارێکی نەکردە و وەک تاوانێکی ئەخلاقی و وەک دارمانێکی ویژدانی گەورە ببینێت. یانی ئەدەب دەشێت وەک چاودێرێکی ویژدانی، یان وەک هێزێکی ڕێگر لەبەردەم ناشیرینبوونی ئینسان و ناشیرینبوونی دونیادا کاربکات. ئەدەب دەکرێت ببێتە یەکێک لەو هۆکارە گرنگانەی کە پرۆسەی دروستبوونی ئەو جۆرە ئینسان و کۆمەڵگەیانە،

کە تیایاندا بە ئاسانی لوولەی تفەنگ ڕوو دەکاتە سەر دڵی ئینسانەکان، زەحمەت بکات. وەک دەبینی من لێرەدا باس لە ئەگەری زەحمەتکردن و قورسکردنی دروستبوونی ئینسانگەل و کۆمەڵگەیەکی وادەکەم نەک لەناوبردنی. چونکە ئەزانم ئەدەب ناتوانێت دونیا لە ناشیرینییەکانی پاک بکاتەوە، ناتوانێت بەر بەو هەموو مردنە عەدەمییانە بگرێت، کە ئەمڕۆ لەهەموو شوێنێکی دونیادا ئامادەیە. بەڵام هێشتا ئەگەرێکی بچووکی بەرگریکردن دژ بە ناشیرینکردنی دونیا لەبەردەم ئەدەبدا هەیە. بێگومان پرسیار ئەوەیە ئەدەب ئەم ڕێگرییەی چۆن بۆ دەکرێت. ئایا لەڕێگای ئەوەوە، کە ئەدەبێکی شۆڕشگێڕیی پڕ دروشم و پڕ گوتاری حەماسی و عاتیفی سادە و لاواز بنووسێت؟ دەرسی ئەخلاقی و وەعز دابدات و بڵێت کوشتن و برین و سووکایەتیکردن بە ئینسان خراپە؟ یان دەتوانێت ڕێگەی دی بگرێتە بەر بۆ بەرگریکردن لە جوانی و چاکە و پاکی؟ بۆ وەڵامدانەوەی ئەم پرسیارە با لە پێناسکردنی تیرۆرەوە دەست پێ بکەین. بەبۆچوونی من تیرۆر بە پلەی یەکەم چالاکییەکە پێوەندییەکی ڕاستەوخۆ و پتەوی بەدۆخی نەمان و پەککەوتنی زمانەوە هەیە. لە کوێدا ئینسان زمانی قسەکردن و ڕاگۆڕکێ و دیالۆگی لەگەڵ خۆی و لەگەڵ ئینسانەکانی دیکە و لەگەڵ دونیادا دۆڕان، لەوێدا تیرۆر ئەگەری هەرە سەرەکییە. لە کوێشدا زمان چالاکانە ئامادەبوو، دروستکەر و هاریکار و بەڕێوەبەری گۆڕینەوەی ئەرگومێنت و دیالۆگ و قسەکردن بوو لەوێدا تیرۆر گەر بەتەواویش لەناو نەچێت، ئەوا زۆر بەزەحمەت دەتوانێت دروست ببێت و بژی. تیرۆر و زمان دوو شتن پێکەوە کۆنابنەوە. زمان ئامرازی دیالۆگ و ڕاگۆڕکێ و دابەشکردنی هەقیقەتە لەنێوان ئینسان و گرووپە جیاوازەکاندا، لەکاتێکدا تیرۆر دەرەنجامی کۆتایی هێنانە بە هەموو توانایەکی لێکتێگەیشتن و پێکەوە قسەکردن و پێکەوە ژیان. واتە تیرۆر دۆخی کۆتایی هێنانە بە دەوری زمان وەک ئامرازێک بۆ دەربڕین و بۆ لێکتێگەیشتن و بۆ دروستکردنی مەودا و فەزایەکی هاوبەش. لەم ئاستەدا جەوهەری تیرۆر و جەوهەری ئەدەب بەیەک ناکۆکن، ئەدەب لەسەر گەورەکردن و فراوانکردنی تواناکانی زمان کاردەکات تا ئەو شوێنەی هەموو ئەو شتانەش کە بە زمانی ئاسایی ناگوترێن، بتوانن بە زمانی ئەدەب بگوترێن و بدوێن و قسە بکەن. ئەدەب زیادکردنی زمانێکی نوێیە بۆ زمانی ئاخاوتن و قسەکردنی ئاسایی. ئەدەب بە بوونی تەنها زمانێک قایل نابێت، بەڵکو هەوڵی ئەوە ئەدات ئەو تاقە زمانە بکاتە زیاد لە زمانێک و ئەو شتانەی پێ بڵێت کە بە زمانی ئاسایی ناگوترێن. ئەدەب چالاکی گەورەکردنی تواناکانی زمانە لەسەر زیادکردن و دۆزینەوە و داهێنانی زمانی تر. زمان لەناو زمان و زمان لەپاڵ زمان و زمان بە تەنیشت زمانی ترەوە. ئەگەر تیرۆر لەسەر کوشتنی تواناکانی زمان لەبواری لەیەک تێگەیشتن و ئاڵوگۆڕکردنی ئەرگومێنت و دابەشکردنی هەقیقەتدا کاربکات،

ئەگـــەر تێـــرۆر دواهـــەمین قـــۆناغی پەککەوتنی زمـــان و وێرانبـــوونی دیالۆگ بێت، ئەوا ئەدەب چالاکییەکە بە شێوەیەکی ڕەها دژ بە تێرۆر. بەڵام ئەمە مانای ئەوە نییە ئەدەب ئەتوانێت بەر بە تێرۆر بگرێت. مـێژووی ئینسـان و مـێژووی کۆمـەڵگە جیـاوازەکـان نیـشـانمان ئەدەن ئەدەب نەیتوانیوە بەر بە تێرۆر بگرێت، ئەو فرەزمانییەی کە ئەدەب دەیبەخشێت نەیتوانیوە ئەو دۆخی بێزمانییەی تێرۆر دروست دەکات لەناوببات. وەک وتیشم بۆ بەرەنگاربوونەوەی ڕاستەوخۆی تێرۆر ئەدەب لاوازترین ئامرازە، بەڵام بۆ دروستکردنی ئینسانێکی خاوەن زمان، ئینسانێک کە خاوەنی زیاد لە زمانێک بێت و توانای تێگەیشتنی زمانی ئینسانەکانی دیکەشی هەبێت، واتە ئینسانێک بێت کراوە بەسەر دید و تێڕوانین و ئەخلاق و دین و بیروباوەڕ و هەڵسەنگاندن و تام و چێژ و ئیستاتیکای جیاوازدا، ئەدەب ئەتوانێت بەشدارییەکی گرنگ و کاریگەری هەبێت. دەتوانین چاوەڕوانی ئەوەمان لەئەدەب هەبێت کە بتوانێت دونیای ناوەکی ئینسانەکان بەجۆرێک دەوڵەمەند بکات وایان لێ بێت دونیا بۆ ڕەش و سپی، دۆست و دوژمن، باش و خراپ، هەڵە و ڕاست دابەش نەکەن. بەڵام ئەمەیان وەک وتم پرۆسەیەکی کۆمەڵایەتی و فەرهەنگی و ئینسانی درێژخایەنە و بە هیچ جۆرێکیش بە ئەدەب بەتەنها ناکرێت. ئەدەب ناتوانێت دونیا لە ناشیرینییەکانی سیاسەت و ئابووری و جەنگ و دین و ئایدیۆلۆژیا کوشندەکان پاک بکاتەوە و بپارێزێت. ئەدەب ناتوانێت ئەو هەموو تفەنگ و فیشەک و مووشەکانەی لە دونیادا هەن لەناوببات، ناتوانێت ئەو هەموو ڕقەی لەناو سیاسەت و دین و ئایدیۆلۆژیا و سیستەمە ئەخلاقییەکانەوە دێن پەک بخات. هەر ئەمەشە وای کردووە ئینسان بەدرێژایی مێژووی خۆی نەتوانێت بەتەنها بە ئەدەب بژی. لەمێژووی مرۆڤایەتیدا کۆمەڵگەیەک نادۆزینەوە توانیبێتی بەتەنها بە ئەدەب بژی و بە ئەدەب ژیابێت. شەکسپیر و دیکنز و دانتی و گۆتە و ڕامبۆ و بۆدلێر و دەیان و سەدان نووسەری گەورە و گرنگی دیکە نەیانتوانی بەر بەوە بگرن ئینگلتەرە و فەرەنسا و ئەڵمانیا نەبنە دەوڵەتی کۆلۆنیالی و برێکی گەورەی دونیا وێران و داگیرنەکەن. سەیاب و حسێن مەردان و سەرگۆن پۆلس و فازیل عەزاوی و موزەفەر نەواب لە عێراقدا نەیانتوانی نەهێڵن سەدام حوسەین یان عەلی حەسەن مەجید یان موقتەدای سەدر لەدایک نەبن. گۆران و قانیع و ئەحمەد موختار و مەحوی و حاجی قادری کۆیی نەیانتوانی ڕێ لەوە بگرن جوندول ئیسلام لە کوردستاندا دروست ببێت. حەمە عومەر عوسمان و شێرزاد حەسەن و بەختیار عەلی و من و دەیان نووسەری تریش نەمانتوانیوە ڕێ لە دروستبوونی ئەو هەموو بێدادی و ناشیرینییەی دوای ڕاپەڕین لە کوردستاندا بگرین. بەڵام وەک وتم بوونی ئەدەب و هونەر دەکرێت لە ئاستی دووردا بەشێک لە پرۆژەیەکی ئینسانی گەورە بن بۆ بەرهەمهێنانی جۆرێک لە ئینسان، کە دونیا ڕۆحیی

و ناوەکـیـیـەکـەیان، هـەسـتکردنی ئەخـلاقـی و ویژدانیـیـان، خـەیاڵی پێکەوەبوونی ئینسـانی و کۆمـەڵایەتییان بەڕادەیەک دەوڵەمـەند و فرەڕەنگ و کراوە بێت، نەک نەتوانن یەکدی بکوژن، بەڵکو تەنانەت لـەگـەڵ گژوگـیـا و باڵندەکانیـشـدا، وەک سـوهرابی سـپـهـەری دەڵێت، بە دەسـتـەواژەی گەورەم... یان بەڕێزم... بدوێن.

*** لە هەندێک کاتدا دەقێکی لە بیر کراو، لەگەڵ زەمەنەکەماندا دێتەوە و زیندوو دەبێتەوە، ئینجا هەست دەکەین ئەو دەقە چەند غەدری لێ کراوە و چەند واقیعی بووە. بۆ نموونە ئێستا خەڵکی کەرکووک هەموو تووشی ئەو بێ ئومێدییە بوونە، کە کاراکتەرەکانی شانۆنامەی ((لە چاوەڕوانیی گۆدۆ)) ی سامۆئێل بیکێت بە دەستییەوە دەناڵێنن. هەمووان دەزانن لە چاوەڕوانی پاڵەوانێکدان کە بوونی نییە. لە کاتێکدا خەڵکی کەرکووک سەرەڕای ئەو زوڵم و چەوسانەوەیەی لە سەردەمی بەعسدا پێوەی دەگلانەوە، ئینجاش گەشبینتر و بە وەرەتر بوون. ئێستا چڵەدارێکی ئومێد و گەشبینی شک نابەن دەستی بۆ ببەن. تاکەی کەرکووکییەکان ببنە قوربانیی دەستی دەسەلات و گوتاری حزبەکان؟**

– ئاکاری سـیـاسـی و ئەخلاقـی هێزە سـیـاسـیـیـە بـاڵادەسـتـەکانی کـوردسـتـان لە شـێـوازی بەڕێوەبردنی وڵات و داڕشتنی ئەو چوارچێوە حیزبییە کوشندەیەی واقیعی ئێمەیان تێ فڕێداوە، لە پێش هەمووانیشـەوە ئاکاری سیاسی پارتی و یەکێتی، ئاکارێکە نەک هەڵگری هیچ مژدەیەکی ڕاستەقینە و واقیعیانە نییە و بەتەنگ بەهێزکردنی باوەڕی ئینسانی ئێمە بە خۆی و بەهێزی نەتەوەکەی و بە ڕەوایەتی دەزگا سیاسی و کۆمەڵایەتییەکانەوە نییە، بەڵکو بکوژی ئەو ڕۆحی بەرگری و هێزی ئیرادە و شێوازی چاوەڕوانییانەشە، کە کۆمەڵگەی ئێمە لە مێژووی سی ساڵی خۆیدا لەبەرامبەر بەعسدا بەرهەم هێنابوو. لە پازدە ساڵی ڕابردوودا سیاسەتی کوردیی سیاسەتی داخستنی دونیا بووە بە ڕووی کۆمەڵگەی کوردیدا و کردنەوەی بووە بەڕووی نوخبەیەکی سیاسی هێجگار بچووک و داخراودا. ئەم سیاسەتەش وای کردووە ئینسانی ئێمە هەست بەوە نەکات بەشێکە لە بزوتنەوەیەکی مێژوویی گرنگ، هەست بەوە نەکات پارچەیەکە لە کۆمەڵگەیەک ئەندامەکانی بەشدارن لە بەڕێوەبردن و بڕیاردان و تازەکردنەوە و ڕێکخستنەوەیدا، هەست بەوە نەکات بەشێکە لە کۆمەڵگەیەک بەهەر ئینسانێک لە ئینسانەکانی لانیکەم خەونێک دەبەخشێت بۆ جوانترکردن و باشترکردن و پێشخستنی ژیانی. سیاسییەکانی کورد توانا نەتەوەییەکانی خەونبینینی کۆمەڵگەی ئێمەیان کوشت و لەشوێنی ئەودا کۆمەڵێک خەونی نوخبەوییان بەرهەم هێنا کە ڕاستەوخۆ گرێ دراوە بە شێوەژیان و توانا مادییەکانی نوخبەی ملیۆنێر و دەسەڵاتدارە تازەکانی کوردستانەوە. لە پازدە ساڵی ڕابردوودا خەونی سەرەکی

سیاسییەکانی ئێمە ئەوە نەبووە کەرکووک بگەڕێتەوە بۆ کوردستان، ئەوە نەبووە کورد وەک میللەت، نەک وەک نوخبەیەکی بچووک، لە دونیایەکی بەختەوەردا بژی، ئەوە نەبووە ئینسانی ئێمە هەست بکات لە نیشتیمانێکدا دەژی ڕێزی سەرەتاییترین داخوازییەکانی دەگیرێت و هەلی گەشەکردن و پێشکەوتنی هاوبەش بە هەمووان دەبەخشێت. بەپێچەوانەوە خەونەکانی دوای ڕاپەڕین خەونی گرووهێکی بچووکی بە بەهێزبوو و بە دەوڵەمەندبووی دوای ڕاپەڕین بوون، خەونی نوخبەیەکی سیاسی بووە کە ساڵە درێژ و خوێناوی و زەحمەتەکانی دوای ڕاپەڕینیان خستە خزمەتی بەهێزکردنی دەسەڵاتی سیاسی و دەسەڵاتی سەربازی و دەسەڵاتی مادیی خۆیانەوە. تەماشای ڕەهەندە نوخبەوییەکانی ئەو خەونانە بکە، کە لە کوردستانی دوای ڕاپەڕیندا، بەتایبەتی لە کوردستانی دوای کەوتنی سەدامدا، بەرهەم هاتوون. لە دروستکردنی شاری خەونەکان... و بەهەشتی شار... وە بیگرە تا بەو ژمارە تایبەتە لە ئۆتێل و کۆشک و باڵەخانە پێنج ئەستێرەییانە دەگات، بێگومان بە تێپەڕین بەناو خەونی کردنی کوردستان بە دوبەی... دا. ئەم خەونانە خەونی نوخبەوین و هەڵگری هیچ ڕەهەندێکی نەتەوەیی و کۆمەڵایەتی دادپەروەر و کراوە بەسەر هێزە هەژارەکانی کۆمەڵگەی ئێمەدا نین، لەڕاستیدا ئامادەبوونی ئەم خەونانە و کردنیان بە واقیع لەسەر پیادەکردنی سیاسەتێکی گەورەی پێشێلکردنی دادپەروەری کۆمەڵایەتی و پێشێلکردنی لانی کەمی ڕێز بۆ ئینسانی ئێمە و هێنانەکایەی گەندەڵییەکی گەورە و کوشندە دروست بووە. ئەمە جگە لەوەی پیادەکردنیان نەک تەنها خەونە نەتەوەییە گەورەکانی لەبیربردۆتەوە، بەڵکو کۆمەڵگەی ئێمەشی تووشی هەژارییەکی وا کردووە گەر بە خێراییەکانی ئەمرۆی گەشەبکات لە دە ساڵی داهاتوودا ئەم کۆمەڵگەیە تووشی نائارامییەکی کۆمەڵایەتی هێجگار گەورە و ترسناک دەکات. لەم دۆخەدا ئینسانی ئێمە هەست دەکات بەتەنیا بەجێهێڵدراوە. هێزی ناوەندێکی سیاسی و سیستمێکی بەڕێوەبردنی یاسایی و دونیایەکی نوێی پڕ لە مژدەی لەپشتەوە نییە، کە ئەمرۆی لە دوێنێی و سبەینێی لەمرۆ باشتر بکات، وای لێ بکات باوەڕی بەخۆی و بە دونیا و بە هێز و توانای ئەو کۆمەڵگەیە هەبێت، کە لەناویدا دەژی. بەپێچەوانەوە ئینسانی ئێمە ئەمرۆ هەست دەکات لەباتی هێز، ناشیرینی و لاوازییەکانی نوخبەیەکی سیاسی و ئیداری گەندەڵی لەپشتەوەیە، کە ئامادەیە بە بەردەوامی مەسەلە گرنگەکانی دونیای ئێمە بۆ ئایندە دوابخات و قسەیان لەسەر نەکات. بەم مانایە سیاسەتی کوردی سیاسەتی بەرهەمهێنانی باوەڕ بە ئایندە و باوەڕ بە زات و باوەڕ بە نەتەوە نییە، بەڵکو سیاسەتی کوشتنی هەموو ئومێدێکە، کە بشێت ڕووی لە دروستکردنی دونیایەکی پڕ ئومێدبێت. سیاسەتی کوردی تەنانەت توانای بەرهەمهێنانی گۆدۆیەکی سیاسی نییە، توانای بەرهەمهێنانی

چاوەڕانییەکی نییە، کە بتوانێت قەناعەت بەخەڵک بهێنێت چاوەڕوانی بکەن. گۆدۆ کوڕی کولتوورێکە توانای بەرهەمهێنانی ئومێد و چاوەڕوانی هەیە، گەرچی ئەو ئومێد و چاوەڕوانییە لەسەر جۆرێک لە نائومێدی دروست بووبێت. گۆدۆ، وەک ئێوە لە پرسیارەکەتاندا باستان کردووە، لانیکەم لەسەر توانای بەرهەمهێنانی خەونێکی دەستەجەمعی دروست بووە، زیاد لە کەسێک چاوەڕوانی گۆدۆیە و هاتنیشی لەوانەیە کێشەی گشتی چارەسەر بکات. ئەمڕۆ کۆمەڵگەی ئێمە ئەو توانا دەستەجەمعییەی خەونبین و چاوەڕوانی تێدا نەماوە. چاوەڕوانی چەند زەحمەت و ترسناکیش بێت بەردەوام ڕەهەندێکی پۆزەتیڤی هەیە، هێما بۆ ئەگەری گۆڕانێک دەکات، کە دەکرێت تیایدا شتەکان سەرلەنوێ ڕیزبکرێنەوە، دونیا بەجۆرێکی تر دابڕێژرێتەوە و ئینسانەکان جۆرێکی تر لە پێوەندی دروست بکەن. بەبۆچوونی من سیاسەتی کوردی ئەم دۆخی چاوەڕوانییەی لە کۆمەڵگەی ئێمەدا بەتەواوی لاواز و کەمخوێن کردووە و ئەو توانا پۆزەتیڤەی چاوەڕوانی لای ئینسانی ئێمە بەجۆرێکی ترسناک بچووک کردۆتەوە. ئەم سیاسەتە بەتایبەتی لەدوای کەوتنی سەدامەوە دۆخێکی دروست کردووە ئینسانی ئێمە جارێکی دیکە ترسێکی گەورەی بەرامبەر بە ئاییندە لە لا دروست ببێت. ترسێک تەنها وابەستەی هێزی دوژمنەکانی کورد نەبێت، بەڵکو وابەستەی ئەو لاوازییە بونیادییەش بێت کە ئەم سیاسەتە تووشی توانا دەستەجەمعییەکانی کۆمەڵگەی ئێمەی کردووە. ڕاستە گوتارێکی ئیعلامی حیزبی هەیە ڕۆژانە قسەی گەورەی بارگاوی بە ئومێد فڕێ ئەداتە ناو کۆمەڵگەی ئێمەوە، بەڵام زۆربەی هەرەزۆری خەڵکی کوردستان لەوە ئاگادارن ئەو گوتارە ئیعلامییە هیچ پێوەندییەکی بە واقیعی ڕۆژانەی ژیانی کۆمەڵگەی ئێمەوە نەماوە و نییە و لەدەرەوەی کێشە گەورەکانی دونیای ئێمەدا دەژی و دەدوێت. بێ ئومێدی خەڵکی کەرکوک ڕیزی پێشەوەی بێ ئومێدییەکە ئەمڕۆ سەرلەبەری کۆمەڵگەی ئێمەی گرتۆتەوە. لەمەدا کەرکووک یەکێک لە بێ ئومێد ترین شارەکانی کوردستانە.